رۆڵی ژن لە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا

لەخۆراوە نیە کە دەگوترێ: 'ژن نوێنەرایەتی گەوهەری دیموکراتیزەبوون دەکات و نەخشی خۆی لە دروستکردنی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگێڕێ' بۆ خستنە رووی رۆڵی ژنان لە دروستکردنی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دا، دەکرێ ئاماژە بەو هاوسەنگیەی خێزانەکان بدەین کە زۆربەی جاران ژنان رایدەگرن، دۆست و ئاشناو هاوڕێ پەیدا دەکەن و کەسوکارەکانیش بەسەر دەکەنەوە. هەر ژنانیشن کە زووتر دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێکانیاندا پەیدا دەکەن، هاموشۆیان دەکەن، لێیان دەخوازن کە سەردانیان بکەن، هەرخۆشیان دەچنە لایان و خەمەکانیان بۆ یەکتر هەڵدەرێژن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەندەی ژنان حەز بە تێکەڵاوی لەگەڵ دیتران دەکەن، پیاوان نیو ئەوەندە بایەخ و گرنگی بە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان نادەن، زۆربەی جاران ئەوانەی کە تازە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، لەژێر خواست و حەزو داخوازی ژنەکانیاندا سەردانی کەسوکاری هەردوولا دەکەن، هەرچەندە ژنانی دەگمەنیش هەن و حەز بە دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسوکاری پیاوەکانیان ناکەن و دەیانەوێ مێردو منداڵەکانیشیان بە ماڵە باوانی خۆیانەوە گرێبدەن، بەڵام وێڕای ئەوانەشەوە، ژنان لەیەکەم نیگادا دەتوانن سەرنجی بەرانبەر بەلای خۆیانەوە رابکێشن، ئەمەش وەک دەروازەیەک بۆ دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی سودی لێوەردەگیرێ.

ئەگەر ئەمە لە بواری کۆمەڵناسیدا پشت راست کرابێتەوە، بەڵام دیاردەی خراپیشی لێوەبەرهەم هاتووە، بەتایبەتیش ئەو ژنانەی کە سیماو ئادگارێکی جوانیان هەیە، زۆرتر دووچاری گێچەڵ دەبنەوەو چاوی ئیرەییان تێدەبڕدرێ. بەوهۆیەشەوە کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی لەنێوان پیاوە هەوەسبازەکاندا دروست دەبێ، ئەگەر هێشتا هەڵوێستی خراپ سەبارەت بە رۆڵی ژن دەبینرێ و جار جارە باسی لێوەدەکرێ، وەک ئەو رەوشە سەختەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیەو لەنێو هەندێ خێزان و بنەماڵەشدا رەنگی داوەتەوە ، سەرچاوەی لە ئیرەیی و چاوچنۆکی پیاوانەوە گرتووە و زیانی بەخێزان و کۆمەڵگەش گەیاندووە.

لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ژن سروشتی کورسی دەستەڵاتی وەرگرتووە، هەمووان دەیانەوێ پێی بگەن، ئەوەش بە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە بە سەر گەلاندا سەپێنراوە. لەم بارەیەوە هیتلەر گوتویەتی: 'گەلان وەک ژنن' بەوهۆیەشەوە هەموو فەرمانڕەوایێکی بەهێز چاویان تێدەبڕێ و دەیەوێ داگیریان بکات. وێڕای ئەمانەشەوە هێشتا ژن وەک چین و رەچەڵەکێکی بەهێز مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ، بەڵام وەک چین، رەچەڵەک و نەتەوەیەک کە بۆ چەوساندنەوە ئامادە کرابێ، ئەمەش لەلایەن ژنانەوە دەبێ پەسند نەکرێ و رەت بکرێتەوە.

ئەگەر پیاوان و فەرمانڕەوایانیش هەوڵی کۆیلەکردنی ژنانیان دابێ و وەکو کاڵایەکی چێژبەخش چاویان لێکردبن، هێشتا دەروازەیەکی روونا‌کی لە دڵی ژناندا و بۆ دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی ماوەتەوە بۆ یەکسان سەیرکردنی منداڵەکان سوودی لێوەرگیراوە. بە ئەندازەی قووڵایی کۆیلایەتی ژنان، پێوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی ژنان قوڵتر کراوەتەوە. ئەگەر جیاوازی جەستەیی ژنان لەلایەن پیاوانەوە وەک بیانوێکی کۆیلەکردن مامەڵەی لەگەڵدا کرابێ، ئەوە جیاوازی جەستەی ژنان لەلایەن خۆیانەوە وەک پردێک بۆ دروست کردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی سوودی لێوەرگیراوە، بەوهۆیەشەوە ئەگەر لە بری خوێندارییش درابێ و ئاشتبوونەوەی پێکرابێ، هێشتا ئەو رۆڵەی خۆی لە دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەدەست نەداوە.

ئەگەر ئایین و داب و نەرێتی کۆمەڵگەکانیش رێگری لەبەردەم ژنان دانابێ و مافی یەکسانی لێ زەوت کردبن، هێشتا رۆڵی پێشەنگیان لە دروستی کردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی و بارهێنانی منداڵدا هەیە و بەشداری کاریگەر لە تەواوی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی وەک هەرەوەزی و شین و شایی دا لەدەست نەداوە.

لە کۆمەڵگە کۆنەپارێزەکاندا تەواوی توانای هێزە ماددی و مەعنەویەکان لە دەستی پیاواندا کۆ دەکرێتەوەو هەوڵ دەدرێ ژنان وەک بوونەوەرێکی گیرۆدەو بێ دەنگ رەفتاریان لەگەڵدا بکرێ، بەڵام دیسانیشەوە لە بەرێوەبردنی ئابووری خێزاندا رۆڵی سەرەکی دەبینێ. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەو رۆڵە بە کابانی باش ناو دەبردرێ، تەنانەت دەیان بنەماڵە هەن کە بەناوی دایکیانەوە دەناسرێن، هەندێکی دیکەش ناوی دایکیان وەک نازناو جێگەی گرتووە.

لە سایەی حوکمی پیاو سالاریدا کارەسات لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کاتێک پیاو چێژی سێکسی بۆ خۆی قۆرخ دەکات و یەک لایەنە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەستی هاوسەرەکەی، دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەری و ئەوەش بە قارەمانێتی ناو دەبات و شانازی پێوە دەکات. داخبارترین دیاردەش کردنەوەی سۆزانیخانەیە کە پیاوان بەمەبەستی پارە پەیدا کردن دروستی دەکەن و لەوێ ژنان بەرکێ دەگرن و وەک کاڵا بەکاریان دەهێنن. لەنێو ئەو رەوشەدا پیاوان ئەندامی نێرینەی خۆیان وەک چەکیکی کاریگەر بۆ خۆ دەرخستن پێشان دەدەن، ئەندامی مێینەی ژنانیش وەک شورەیی و کرێت چاو لێدەکەن.

ئەگەر بە وردی لەو دیاردەیەش ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دیسانیشەوە ژنە کۆیلەو سۆزانیەکانیش پێوەندی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی بەرفراوان دروست دەکەن، دەیانەوێ بەوهۆیەوە دەرفەتی رزگاربوون پەیدابکەن.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هەر چۆن رەفتارو مامەڵە لەگەڵ ژنانەدا بکرێ، هێشتا وەک چاوگەیەکی بنەڕەتی بۆ دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی بایەخی خۆیان دەپارێزن، ئیدی سەروەری ژن بۆ پایەدارکردنی کۆمەڵگە بەدیار دەکەوێ و پیاوان ناچار دەبن کە بیر لە یەکسانی و وەکهەڤی بکەنەوە.

دوای دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی ئیدی دەبێ رۆڵی ژنان لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا شرۆڤە بکەین. ژن کە لەنێو قەیران و تەنگژەدا دەژی، هەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارە دەدات و بەدوای دەریچەیەکدا دەگەڕێ، بەوهۆیەی کە پێویستی خوڵقێنەرو سەروەری هەموو داهێنانەکانە، ئیدی ژنیش بۆ دیموکراتیزەکردن و یەکسانی کردن رۆڵی سەروەری لە داهێنانەکاندا دەبینێ. هەر چەندە ئەگەر بە شێوەیەکی ناتەواویش بێ، دەکرێ بگوترێ کە لە دواچارەکی سەدەی رابردوودا فێمینیزم رۆڵی ژنی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا زەق کردەوەو سەرنجی پیاوانی راکێشا، چونکە ئەو هەنگاوانەی لە بواری ئازادی بۆ وەدەستهێنانی مافەکان هاوێژران رێگەی مرۆڤایەتی رۆشنکردەوە و چۆنایەتی بەرهەمهێنا. ئەمەش دەستکەوتێکی کەموێنەیی مێژوویی بوو، ناکرێ بە هێند وەرنەگیرێ و فەرامۆش بکرێ.

ئازادی ژن بەگوێرەی پێناسەی راستینی خۆی دیاردەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەیە، ئەمەش رێگەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی مسۆگەرکردووە. هەروەها ئازادی و یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا خۆی لە خۆیدا پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بەهێز دەکات و ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە، چونکە لە بزووتنەوەی گشتی دیموکراتیزەبووندا دەرفەت و توانای وەکهەڤ بۆ مرۆڤەکان دابین دەبێ. بەوهۆیەشەوە پێویستە کە ژنان ئامانجی خۆ رێکخستن و هەوڵی دیموکراتییانەی خۆیان نیشان بدەن. سەرباری ئەوەی هەوڵەکانی فێمینیزم فاکتەری گرنگیان لە خۆوە گرتووە، بەڵام ناکرێ وەک پرۆسەی هاوێرکاری لەنێوان مرۆڤەکاندا درێژەی پێبدرێ، بەڵکو دەبێ یەکسانی و وەکهەڤی لەنێوان توخمی مرۆڤەکان مسۆگەر بکات، ئەمەش خۆی لە بەرجەستەکردنی دیموکراتیزەکردندا دەبینێتەوە.

رۆڵی ژن لە داهێنان و پێشخستنی دیموکراسیدا هێندە بەرچاوە، کە کەس ناتوانێ فەرامۆشی بکات، تەنانەت ئەو رۆڵەی ژن لە میانەی وەکهەڤیدا دەیگێڕێ، وەک بەردی بناغەی باڵاخانەی ژیان گرنگ و بایەخدار دەمێنێتەوە.

بۆ ئەوەی ژن لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا رۆڵی خۆی لەدەست نەدات، دەبێ بەشداری چالاکانە لە کایەی سیاسیدا بکات، هەرچەندە ئەگەر کاری سیاسی دژوارو سەختیش بێ، بەڵام گەرەکە هۆشیارانە رەفتار بکات و خۆی لە بەرپرسیارێتی نەدزێتەوە، زۆریش پێویستە کە کاتێک بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگرێ، بوێرو خۆڕاگرو سەڵمێنەر بێ. ئەگەر بەو شێوەیە رەفتاری کرد، سەردەکەوێ و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە خێراترو ئاسانتر لێدەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بزووتنەوەی ژنان بۆ خۆی پەرۆشی وەدەستهێنانی مافی ژن و مسۆگەرکردنی یەکسانی و وەکهەڤی بێ، دەبێ کاری بێ پسانەوە بکات، چونکە تا کۆمەڵگە دیموکراتیزە نەکرێ و سیستەمی دیموکراسی نەچەسپێ، ماف و ئازادیەکانی ژنان وەک تراویلکەو خەونی خۆش دەمێننەوە، بەوهۆیەشەوە رۆڵی کاراو پێشەنگایەتی ژنان لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە نکۆڵی لێنکارێ. لەوانەیە ئازادی ژن لە دەستپێکدا لە دەستنیشانکردنی هاوسەری ژیان و دۆزینەوەی کاردا بەرجەستە ببێ، ئیدی هەم خێزانێکی بەختەوەر پێکدەهێنرێ، هەمیش منداڵی تەندروست باردەهێنرێن. لەو روانگەیەشەوە دەبێ ژنان ژیانی هاوسەری وەک لووتکەی دەستەڵات و هەڕەمی بەڕێوەبردن چاو لێبکەن، کاتێک ژن بۆ خۆی پێشەنگایەتی خێزان لە ئەستۆ دەگرێ و بەباشی بەڕێوەی دەبات، واتای ئەوەیە کە دەتوانێ بەرپرسیاریێتی و بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی رێکخراوو دامەزراوەو دەوڵەتیش لەئەستۆ بگرێ و تێیدا سەرکەوتوو ببێ. ئاکامی ئەو پرۆسەیەش بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە تەواو دەکات و سوود بە تێکڕای مرۆڤەکان دەگەیەنێ.

راستیەکەی ئەوەیە، ئەگەر ژن بیەوێ بەرپرسیارو بەڕێوەبەری دامەزراوەو رێکخراوو دەوڵەت لەئەستۆ بگرێ، دەبێ ئەڤینی خۆی بۆ مرۆڤایەتی و بۆ کارکردن و بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەو ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان زیندوو بکاتەوە، ئەڤین تەنیا خۆشەویستی نێوان ژنێک و پیاوێک نیە، بەڵکو ئەڤین چاوگەی ئەو ژیانە بەختەوەریە کە هەموومان خەونی پێوە دەبین، ژیانی بەختەوەریش لە یەکسانی و وەکهەڤی بەرجەستە دەبێ، ئەمانەش بەرهەمی دیموکراتیزەکردنن و نابێ لەبیریان بکەین.

لە دویماهیدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە رۆڵی ژن لە دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیزەکرددنی کۆمەڵگەدا سەروەرو بێ رکابەرە، بەوهۆیەشەوە لە داهاتوودا چەندین ژنی بە توانا لەسەر کورسی دەستەلاتی وڵاتان دادەنیشن، ئەگەر ئێستاش ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەکات، بەڵام داهاتوو خەونەکانمان دەکا بە ڕاستی و لێیان بەهرەمەند دەبین.

رێکار ئەحمەد
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

جەژنوارەی بتهۆڤن لە ژێر دروشمی مۆزیکی هێز بەڕێوە دەچێ

شاری **بۆن** هەڵکەوتوو لە لێواری رووباری راین لە رۆژئاوای وڵاتی ئەڵمانیادا، هەموو ساڵێک لە مانگی ئەیلول دا بۆ رێزگرتن و یادکردنەوەی لۆدڤیک ڤان بتهۆڤن ناودارترین کوڕی شارەکەیان جەژن دەگێڕن.

بتهۆڤنی ناودار لە ساڵی ١٧٧٠ زاینی هاتۆتە ژیان و ساڵی ١٨٢٧ ماڵئاوایی لەژیان کردووە، بەڵام بە ناودارترین کوڕی شاری بۆن و بە یەکێک لە ناودارترین پیاوانی جیهان ناسراوە.

ئەمساڵ یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی جەژنوارەی بتهۆڤن ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆرکستراکانی ناوداری جیهانیە، لە نموونەی ئۆرکستەر فیلار مۆنیکی نیۆیۆرک و بەرێبەری لۆرین مازل و ئۆرکسترای سەمفۆنیکی لەندەن بە رێبەرایەتی دانیئل هاردینگ، هەروەها کورت مازور رێبەری ئۆرکسترای ئەڵمانیا بە هاوڕێیەتی ئۆرکستەری میللی فەرەنسا سەمفۆنیاکانی بتهۆڤن پێشکەش دەکەن.

لایەنێکی دیکەی بەرچاوی جەژنوارەی ئەمساڵ ئەوەیە کە ناونیشانێکی بێوێنەی جەژنوارەکەیە لەژێر ناوی **مۆزیکی هێز** بەڕێوەدەچێ کە خۆی لە توانای سیاسیدا دەبینێتەوە.

سەمفۆنیای ئەڵمانی بەرهەمی هانس ئایسلەر پێشکەش دەکرێ کە لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمین جار لە بەرلینی خۆرهەڵاتدا پێشکەش کراوە. بۆ بەبیر هێنانەوە دەبێ بزانین کە هانس ئایسلەر بەناوبانگترین ئاوازدانەری ئەڵمانیا بوو کە زۆرێک لە مۆزیکزانان ئەویان بە کارل مارکسی مۆزیکی کلاسیک ناودێر کردبوو. هەر ئەویش سروودی نەتەوەیی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی بەرهەمهێنابوو.

بتهۆڤن و سیاسەت

لەو کاتەی کە بەشێکی زۆری کیشوەری ئەوروپا هێشتا لەنێو ستەم و تاریکیدا وەنەوزی دەدا، بتهۆڤن ئامانجی رۆشنگەری بەرەو پێدەدا، ئەو پەرۆش و لایەنگری شۆرشی مەزنی فەرەنسا بوو، کە بڵاوکراوەی مافی مرۆڤ بەرهەمی شۆرشەکەیە.

بتهۆڤن کاتێک بەهۆی سادە دڵیەوە، ناپلیۆن بۆناپارتی بە یەکێک لە داکۆکیکارانی ئامانجە مرۆڤیەکانی شۆرشی فەرەنسا دانابوو، سەمفۆنیای سێیەمی خۆی (ئۆپۆس ٥٥، ناسراو بە ئارۆئیکا) پێشکەش بە ناپلیۆن کرد، بەڵام ناپلیۆن لەساڵی ١٨٠٤دا تاجی ئیمپراتۆریەتی لەسەرنا، پێشانی دا کە ئارمانجەکانی شۆرشی مەزنی فەرەنسا پەسند ناکات. وەک زانراوە کاتێک بتهۆڤن زانیویەتی کە ناپلیۆن تاجی لەسەر ناوە، تورەو نیگەران بووەو گوتویەتی: ' بەراستی مرۆڤێکی گەوج و دۆڕاوە' بەهۆیەوە بەرگی نامەی سەمفۆنیایەکەی فرێداوەو لە سەری دانە تازەکەیدا نووسیویەتی : پێشکەش بە یادی مرۆڤێکی مەزن' ئیدی لەوە بەدواوە رقی لە ناپلیۆن هەڵگرت و بە خۆرەی شۆرشی دادەنا، سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن ئەویان نیگەران دەکرد، بەڵام کاتێک ئەستێرەی ناپلیۆن بەرەو داڕژان دەڕۆیشت دڵخۆش ببوو، سەرنجام کاتێ لە ساڵی ١٨١٣ ناپلیۆن شکا، بتهۆڤن لە بەرهەمێکی دیکەیدا بەناوی 'پیرۆزی ولینگتون' ئاهەنگی گێڕا.

لە ستایشی ئازادی

بتهۆڤن لە دەستەڵاتدارە گەندەڵەکانی ئەو سەردەمە بێزاربوو، نەفرەتی لێدەکردن، بەوهۆیەشەوە هونەرەکەی خۆی بۆ خەڵکی ئاسایی دەخواست.

تاکە ئۆپێرای تەواوی بتهۆڤن بە ناوی فیدلیڤ کەڤرسیڤن لە کۆتایی ساڵی ١٨١٤ پێشکەش کرا، هەمووی ستایشکردن بوو بۆ ئەوانەی کە لەرێگەی ئازادیدا تێکۆشاون. بەرهەمێکی دیکەی بتهۆڤن ئۆڤرتور ئەگمونت بوو کە ساڵی ١٨١٠ لەسەر بەرهەمێکی گۆتەی شاعیری مرۆڤدۆستی ئەڵمانیا داندرابوو، ئەویش ستاسشی تێکۆشەرانی ریگەی ئازادی و بەرابەری دەکرد.

نۆیەمین سەمفۆنیای بتهۆڤن بە تایبەت لەگەڵ موڤانی چوارەم و ئاوازی کۆرال، لەوانەیە بە گرنگترین بەرهەمی مۆزیکی رۆژئاوا دابندرێ. ئەو سەمفۆنیایەش ستایشی ئارمانجەکانی بزاڤی رۆشنگەری دەکرد. سرودی ناوداری **'لە ستایشی شادی'دا** کە بۆ پارچە هۆنراوەیەکی فریدریش شیلەر داندرابوو، بۆ خزمەتی ئازادی و سەروەری مرۆڤایەتی بوو.

پەیامی ئاشکرای سەمفۆنیای نۆیەم، لەرۆژی بەرهەمهێنانی لە ساڵی ١٨٢٤ تا ئێستا سەرگوزشتەی هەورازو نشێوی هەیە. نەک تەنیا مرۆڤی ئازادیخوازو رۆشنبین بەڵکو دیکتاتۆرو ملهوڕانیش وابەستەیی خۆیانی بۆ پێشان دەدەن. چەندین جار دوژمنانی ئازادی و بەرابەری لۆ ئارمانجی خۆیان بەدسوودیان لێکردووەو بەهەریان لێ وەرگرتووە. تەنانەت سۆسیالیستە نەتەوەییەکانی ئەڵمانیا داهێنانی ئەو سەمفۆنیایەیان بە واتای چاکتر لە نەتەوەکانی سەر زەوی لێکدەدایەوە، گۆبلزی وەزیری راگەیاندنی دەوڵەتی نازی ئەڵمانیا ساڵانە لە جەژنی لەدایکبوونی هیتلەر داوای دەکرد ئەو سەمفۆنیایە پێشکەش بکرێ.

ئامادەکردنی:سۆزان کەریم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com